# كام هێڵی سوور

faraidun_73@hotmail.com
فەرەیدون حەمەرەشید_سویسرا
19.02.06

قسەكردن وململانێی گفتوگۆی چڕوپڕلەسەر سەرەتاكانی چوارساڵی دەوڵەتی نوێی عێراق گرنگ وبایەخی خۆی بۆ خەڵكی عێراق بەگشتی و كوردستان بەتایبەتر هەیە،بۆلێپێچینەوە و دڵنیابوون لەوەی دەوڵەتی نوێی عێراق لەسەر چ كارنامەوفۆرمێكی سیاسی دەیەوێت گوزەربكات،لەمیانی گفتوگۆكاندا نوێنەری فراكسیۆن وئایدۆلۆژیاو هێڵە سیاسیە جیاوازەكان لەئیسلامیەكانەوەتائەوپەڕی دیموكراس و خۆبەلیبرالیست زان، لەهەوڵی زۆرترین دەسكەووتن بەقازانجی سەرخەتی سیاسی ونزیك لەنیهەتی ستراتیژییان،ئەمەش تائەوئاست وكاتە بەلۆژیك دائەنرێت وگوێی بۆرادەگیرێت،كەقسەكردن بێت لەسەرئەوەی پێوەرەكانی نێوان دەوڵەت وهاووڵاتیان بەچ پێوانەیەكی سیاسی دەپێورێت،ئایندەی بەرخووردوپەیوەندیەكانی هێزووتەوژمەسیاسیەكانی براوەی ئەمرۆی ناوكایەی هەڵبژاردن وداهاتووی ناو كورسی دەسەڵات لەگەڵ مافی كەمینەو لیستە پەرش وبڵاو وكەم سەنگەكان بەچ ئاراستەیەك دەچێتە پێشەوە،،نەك بە پێچەوانەوە هەڵپەكردن بۆمسۆگەركردنی زۆرترین دەورونەخشی سیاسی لەسەرحیسابی لێ سەندنەوە و زەووتكردنی مافی لایەنی بەرامبەر ،كەبەئاشكراوراشكاوانە ئەم مەرام ومناوەرەكردنە ڕووبەرێك لەستراتیژی لیستی یەگرتووی شیعەكانی لەململانێی گفتووگۆكانی ئەم چەندرۆژە نمایشكرد،ئەویش ڕەزامەند نەبوون لەبەشداریكردنی لیست وكیانی سیاسی لەوانەلیستی ئەلعراقیەی د.عەلاوی وهاوپەیمانەكانی لەبەشداری پێكردنیان لەدامەزراندنی حكومەت و بەهێڵی سوور وەسفكردن،بەڵام سەرەڕای هەرتێبینی وسەرنجێك لەسەرلیستی ئەلعراقیەو هاوشێوەكانی،خەڵكی كوردستان ناونانی ئەوبەشداێكردنە بەهێڵی سوور بەدووركەوتنەوەی دەزانێت لەو بانگەشە گەورەوگرانەی بۆدامەزراندن وهێنانەكایەی حكومەتی بنكەفراوانی خەڵكی عێراق دەكرێت،،ئەبێت هەموولایەن وتێزێكی سیاسی دركی ئەوەی هەبێت كە پەراوێزخستنی لیست وكیانی سیاسی لەبنیاتنانی ئەوعێراقەی دەیەوێت دیكتاتۆری بەرهەم نەهێنێ هەڵەیەكی كووشندەیەودەبێت بەری پێبگیرێت، چوونكە پرۆسەی بەشداری پێنەكردن بێ لەوەی بۆئەولیستانەی دەكرێت پەراوێزوتەریك بكرێن مایەی شۆكبوون وقبوڵكردن نیە،بۆخەڵكی كوردستان _یش لەسەررۆشنایی ئەزموونەتاڵەكانی (83)ساڵ بێبەریكردنی لەدەسەڵات مارانگەزی ئەوەیە كەبەهیچ شێوەیەك ولەژێرهێنانەوەی هیچ بەهانەیەك ڕەزامەندنەبێت بەفرێدانەدەرەوەی لیست وكیانەسیاسیەكان لە پرۆسەی بەشداری پێكردن لەبنیاتنانی حكومەت، دەبێت لایەنی بەرامبەرو هەموئەوانەی تاوەكوئێستا یۆتۆپیای دەسەڵاتگرتنەدەستی تاكرەوی لەهزریاندا دێت ودەچێت،ئەوەیان لەبیرنەچێت،كەكاملبوون وهاتنەكایەی پرۆسەی گۆڕان لەسیستەمی سیاسی عێراق،بەتەنیشت مێژوویەكی درێژلەخەباتی ئازادیخوازی خەڵكی كوردستان بۆكۆتیهێنان بەهزرودەسەلاتی قێزەوەنی بەعسیەكان لەنكوڵیكردن لەمافی بەرامبەرو پەراوێزخستنی دەنگوپێكهاتە هەمە چەشنەكانی كۆمەڵگای عێراق سەرچاوەی گرت..لەبیرخستنەوەیەكی ترداهەربۆلایەنی بەرامبەر خاڵی هاوكۆی بوون وكاركردنی ڕۆژانی ڕابردووی هێزەسیاسیەكانی ناوئۆپۆزیسیۆنی عێراق، بۆكۆتایهێنان بەڕژێمی هارودڕندەی سەدام،سەپاندن و پراكتیزەبوونی هێڵەسوورەكانی ڕژێمی بەعس بوو بەسەركۆمەڵگای عێرااقدا،هەربۆیەخەڵكی كوردستان لەڕوانگەی بڕوابوون بەرێگەچارەی دیموكراسی وەك تاكەئەلتەرناتیفی ڕۆشن بەقازانجی خەڵكی عێراق و دەستەبەركردنی مافەڕەواكانی خەڵكی كوردستان،،1_خستنە پەراوێزی هێزوولایەنی سیاسی لەدەسەڵات.2_نەهێشتنەوەی ئازادی سیاسی بۆهێزولایەنی جیاواز لەحیزبەكانی ناوپرۆسەی دەسەڵات وحوكومەت.3_نكوڵیكردن لەمافەكانی خەڵكی كوردستان. 4_بەرگرتن بەئازادیەكانی تاك..5_دەسەڵات خستنەخزمەتی ئایدۆلۆژیاو ئاین ومەزهەب..هتد،،،..بەدانانی هێڵەسوورەكان دەزانێت لەبەردەم ئەوعێراقەی كەبۆئێتنیك وهێڵەسیاسی یە هەمەڕەنگەكان دەكرێت بنیاتبنرێت،،نەك بە180 پلە پێچەوانەكەیدا بەشداریكردنی هەموان لە پرۆسەی سیاسی وبنیاتنان بەهێڵی سووربزانرێت..........